www.kurdistannet.org

31-3-2007 21:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێغەمبەری مرۆڤایەتی ... سەردار خالید

ئەگەر بەیەکەوە سەرنجێك لە ژیانی پڕ فەڕی پێغەمبەر بدەین (درودی خوای لەسەر بێت)، دەبینین بە کۆمەڵێك قۆناغ و حاڵەتی سەخت و نەبوونی و هەژاری و یەتیمی و دوور لە نازی دایك و باوك و سۆزی خزمانی بەسەردا هاتووە، کە بەگوێرەی مەکانەتی ئەو نەدەبوو کەسێك کە گرۆی مرۆڤایەتی چاوەڕوانیەتی تووشی ئەو نەبوونی و دەردیسەرییە بێت و ژیانێکی کەمتر لە سادەیی هەبێت، بەڵام قەدەری خوایی وایە کە دەبێت ئەو منداڵە بە یەتیمی گەورە بێت و غیرەتی لە باوکەوە و نازی لە دایکەوە بۆ جێنەمێنێ و تەنها خودا خۆی پەروەردەی بکات و ئامادەی بکات بۆ ئەو رۆژە سەختانەی لە چاوەڕوانیدان.

لێرەدا مەبەستمە ئەوەی بیر بخەمەوە کە رۆژگارێك لەژێر سایەی باپیرەی و دواتر مامی و پاشان ئاوارەیی و ماڵی ئامۆزاکانی و بێخانەخوێیی، تا ئەو کاتەی خودا ئاوڕی رەحمەتی لێ دایەوە و خەدیجەی دایکمان کەسێکی نارد بە (محەمەد) بڵێن ئەگەر ژن دێنێت، ئەوا من رازیم شوی پێ بکەم، لە وەڵامی ئەو ژنەدا کە پێی گوت (محەمەد) بۆ ژن ناهێنیت؟ سەرووەریشمان بە هەستێکی ناسك و دەنگێکی کزۆڵ، کە ئاسمانەکان دێننە گریان و رەحمی خوایی دێننە جۆش، وەڵامی دایەوە فەرمووی (جامن هیچم نیە !!کێ ژن بە من دەدات؟) .

ئا لێرەدا خودا خۆی دێتە هانای و تا ئەبەد ناوی بە نەمری دێڵێتەوە و لە هەر شوێنێك ناوی (اللە) بێت دەبێت ناوی (محەمەد) یشی لەگەڵ بێت درووودی لەسەر بێ.

(ورفعنا لك ژكرك) لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە و هەر قوژبنێکی ئەم دونیایە تا ئەو کاتەی دوایین نەوەی ئادەم هەناسە ئەکێشێت دەبێ ناوی (محەمەد) بە بەرزی رابگرن و تەنانەت ئەو دڵدانەوە خواییە بوو ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهان ناوی (محەمەد) لە هەموو ناوێك زیاترە.

کەسێك کە لەناو وڵات و شاری خۆیدا شوێن و ماڵ و حاڵی نەبوو، تەمەنی هەمووی بۆ خەڵك ژیان بوو نەوەك بۆ خۆی، خودا سوێند بەو تەمەنەی ئەخوات و هەموو گرۆی مرۆڤایەتیش ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە خودا هەر کات پشتگیری لە خۆشەویستەکەی دەکات و دەستبەرداری نابێت.

بەڵێ ئیستاشی لەگەڵدا بێت (محەمەد) ئەو ناوە نەمرەیە کە جیهان ئومێدی پێی هەیە و زانا و بلیمەتەکان لەبەردەمیدا چۆك دادەدەن و سۆزدارەکان بۆی دەگرین.

(محەمەد) یك کە خودا ناوی بەرز راگرتووە، تا ئەبەد لەگەڵ بیستنی ناویدا گریان بەرۆکی چاوەکان ئەگرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.